وەزارەتی داد

ژمارە: ٣٤٩٠ لە ٢٠٢٦/٩/٢

بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٦

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) وە دوابەدوای بەیانی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٤ی وەزارەتمان تایبەت بە هێنانەکایەی (هۆبەی تۆماری پڕۆژە نیشتەجێکان) لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە:

١- هێنانەکایەی هۆبەی (تۆماری پڕۆژە نیشتەجێکان) لە هەرێمی کوردستان.

٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

فەرسەت احمد عبدالله

وەزیری داد

وەزارەتی ناوخۆ

ژمارە: ٢٩٣٠٧ لە ٢٠٢٦/٩/٢١

بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٦

فراوانکردنی گوندی (فەقێ محمود) ناسراو بە (نەژوێنی)

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموار کراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٦٩٩٤) لە ٢٠٢٦/٨/١٠ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:

یەکەم: فراوانکردنی گوندی (**فەقێ محمود**) ناسراو بە (**نەژوێنی**) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادستروٚ بەپێی ماددەی یەکەم/(٤) لە ڕێنمایی سەرەوە لە ناحیەی باوەخۆشێن/ قائمقامیەتی قەزای دەربەندیخان/ پارێزگای سلێمانی بە ڕووبەری (٥٩،٣،٢٩) پەنجا و نۆ دۆنم و سێ ئۆلک و بیست و نۆ دۆنم لەسەر پارچە زەویەکانی ژمارە (٦، ١/٧، ١٤) لە کەرتی (٣٠/فقێ جنە) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

دووەم: ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

ڕێبەر ئەحمەد

وەزیری ناوخۆ